# پێی ببەخشن، باشترینتان ئەوانەن کە بە جوانترین شێوە قەرزەکە دەدەنەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وداوای قەرزەکەی کرد بە شێوازێکی ناشیرین، هاوەڵان ویستیان ئازاری بدەن، بەڵام پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وازی لێبێنن، مافی خۆیەتی داوای بکات»، پاشان فەرمووی: «(وشترێکی) بێببەخشن با تەمەنی وەکو (وشترەکەی) خۆی بێت»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، وشتری بەتەمەنتری تێدایە، فەرمووی: «پێی ببەخشن، باشترینتان ئەوانەن کە بە جوانترین شێوە قەرزەکە دەدەنەوە».»

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک قەرزی بە لای پێغەمبەرەوە بوو -صلى الله عليه وسلم- وقەرزەکەش وشترێکی بچووک بوو لە تەمەندا، پیاوەکە هات بە شێوازێکی ڕەق وناشیرین داوای قەرزەکەی کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وهاوەڵان ویستیان لێی بدەن بەهۆی ئەم شێوازە ناشیرینە وبەد ڕەفتاریە لەگەڵ پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازی لێبهێنن هەرچیەک دەڵێت با بیڵێت وئازاری مەدەن؛ چونکە خاوەن ماف مافی خۆیەتی کە داوای قەرزەکەی لە بەرامبەر بکات، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەفتار وشێوازی گونجاو بۆ داواکردن، بەڵام جوێندان وئازارگەیاندن لە ڕەوشتی مسوڵمانان نییە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هەندێک لە هاوەڵان کرد کە وشترێکی پێبدەن کە تەمەنی وەکو وشترەکەی خۆی بێت. ئەوانیش ووتیان: ئەو وشترانەی هەیە تەمەنیان گەورەترە لە وشترەکەی خۆی، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وشترێکی پێبدەن تەمەنی لە وشترەکەی خۆی گەورەتر بێت؛ چونکە باشترینتان ئەوانەن بە جوانترین شێوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن، وئەوانەی زۆرترین پاداشتیان هەیە ئەوانەن قەرزەکان یان هەر ئەرک ومافێکی تری سەرشانیان بێت بە جوانترین شێوە دەیدەنەوە وجێبەجێ دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3628

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee